# هۆشیارییە غەریزییەکانی مرۆڤو
# بیرهێنانەوەیەکی خێرایی نائاگاییەکانی

**جەمال پیرە - مەدرید**

گرنگترین شت بۆ مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا مەسەلەی وابەستەبوونولاسارییەکانیەتی لە نێو کۆمەڵدا بەو پێیەی کە مرۆڤ راستەوخۆ لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەیەك کە بە درێژایی مێژوو ئەوەی نەخشەی بۆ دارِشتووە لە روانگەیەکی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی لەبەرامبەر ویستو حەزەکانی مرۆڤدا نەبووە، کەواتە دەتوانین بە هێزێك بیشوبهێنین لە بنەرِەتدا هەڵگری ئیرادەی کۆنترۆلکردنو مۆنۆپۆلکردنی خودی مرۆڤ بووە، لێرەدا بۆ دەرخستنی هەندێ لە راستییەکانی بە پاشکۆ مانەوەی مرۆڤ پێویستیمان بە لێکدانەوەو لێوردبوونەوە هەیە، بە شێوەیەك کە بتوانین لەناو هەراو زەنای نائومێدبووندا بێینە دەرەوە. کە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگەی مرۆیی مەبەستو هەوڵو پلانی ئایدۆلۆژیی حوکمی دەکات، سەرجەم ئەو هەولآنە لەسەر حسابی لەدەستدانی هۆشیارییە بنچینەییەکانی مرۆڤ بووە، راستەوخۆ ویستی هێزی مۆنۆپۆلکەر کە من لێرەدا ئەم ناونانە دەدەمە پاڵ سەرجەم ئەو کۆمەڵگە ئایدۆلۆژییو دواکەوتووانەی ئەمرِۆکە مرۆڤایەتی بەدەستییانەوە دەناڵێنێ، راگرتنو بەچەقبەستوویی هێشتنەوەی زەمەنو گۆرِانەکانە، ئەم ویستە دواجار مەبەستییەتی تەواوی هەستەکانی مرۆڤ بێدەنگ بکات، بیرمەندی ناودار مارکیۆزە برِوای وابوو کە "دەکرێ کۆمەڵگایەکی خاڵی لە چەپاندنو سەرکوتکردن بێتە ئاراوە، هەروەها پێیوابوو کە مرۆڤێك خولْقاوە لەسەر رێچکەیەکی ئەقلانیدا خوی بە ژیانەوە گرتووەو دەکرێ بەردەوام غەریزەکانی تێر بنو دوور بێ لە کپبوون"، بێگومان مارکیۆزە لەو دیدگایەوە ئەم رایەدەخاتە روو کە خودی مرۆڤ بە قسەی ولیام رایشو سیگمۆند فرۆید لەلایەن چەند غەریزەیەکەوە حوکم دەکرێ کەپەیوەستن بە خودێتی مرۆڤەوە، هەڵبەتە لێرەدا بواری ئەوە نییە بێینە نێو وردەکارییەکانی هزری ئەم دوو بیرمەندە بەلآم دەتوانین لەسۆنگەی بیرورا بنچینەییەکانیانەوە ئاماژە بە چەند لایەنێکی شاراوە یا با بڵێین کپکراوی مرۆڤ بدەین کە لەیەککاتدا هەم کاریگەریی لەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە هەمیش هۆکارێکی دیاری بەدواکەوتوویی مانەوەی کۆمەڵگای مرۆییە، لە راستیدا بۆ مرۆڤ مەسەلەی تێرکردنی غەریزەو بەکارهێنانی راستەقینانەی تەواوی ئەندامەکانی لەشی خۆی مەسەلەیەکی چارەنوسسازە ئەمەش بەو مانایە نا کە ئەتمۆسفیرێك بێتەئاراوە لە مانای ئاژەڵبوونەوە نزیك بێ، بەڵکو بەو مانایەی کە دەکرێ یاساو بنەمایەك چەترو رێچکە بێت بۆ ئیدامەدان بە ژیانو بەدیسپلینکردنی ژیانی مرۆیی کۆمەڵگا، دیارە کاتێ کە باس لە هۆکاری نەگۆرِانو بەچەقبەستوویی مانەوەی بیرکردنەوەی تاك دەکەین بە هیچ جۆرێك ناتوانین قسە لەسەر بونیادو کەسایەتی مرۆڤ نەکەین، گەر بمانەوێ بگەین بەو راستییە سەرەتاییەی کە هۆکارێکی ناشیرینکردنی سیماو ئەدگارەکانی مرۆڤە دەبێ بێ سڵەمینەوە لە تەواوی ویستو ئیرادەو حەزەکانی مرۆڤەوە بکۆڵینەوە، هەڵبەتە ئەوەی کە لە مرۆڤ جیانابێتەوەو لەسەرەتای دروستبوونیشییەوە لەگەڵیدایە پێداویستە غەریزییەکانیەتی، وەختێ ئامادەیی بێدەنگبوون لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا ئیرادەیەکی بالآدەستبێ، حەتمەن ناتوانین چاوەرِێی هاتنەکایەی مرۆڤێکی داهێنەر بین، کە ئیرادەی کۆیلەکردنو ویستی بەکپهێشتنەوەی مرۆڤ لەئارادایە چ مانایەك بۆ بێدەنگبوون دەمێنێتەوە؟ ئایا دەکرێ بەسەر هەموو ئەم کێماسییانەدا تێپەرِینو باسیش لە کرانەوەو بەرجەستەکردنی ماناو مەغزاکانی ئازادی تاك بکەین؟ حەتمەن ئەو کاتە مۆتیڤی نامۆبوون باڵی خۆی بەسەر مرۆڤدا دەکێشێ هاوکات خودی مرۆڤ لەم حاڵەتەدا هیچ نابێ جگە لە ئامێرێك بەدەست دەقە چەقبەستوەکانی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ، لەوێوە جێبەجێکاری پلانە نەگریسەکانی ئیرادەی تاریکدۆست دەبێ، لەراستیدا زۆرێك لە بیرمەندانی سەدەی بیستەم گەیشتوونەتە ئەو برِوایەی کە دەبێ مرۆڤ بتوانێ لەیەککاتدا چێژ هەم لە عەقڵو هەمیش لە غەریزە وەربگرێ، هەموو ئەو تەوەرانەی لەسەرەوە خستومنەتە روو راستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتێکەوە هەیە کە یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییە کولتورییەکانی مرۆڤ ئەویش هۆشیاریی سێکسییە، شتێکی ئاشکرایە کە تاکی کورد قوربانی

دەستی ئایدۆلۆژیا زاڵەکانی نێو کۆمەڵگای کوردیی بووە، فەزاو ئەتمۆسفێری مرۆڤی کورد لەسەرەتاوە لەدیدی ئەو سیستمە پەروەردەیەوە دروستبووە کە فیکری کۆنەپەرست تیایدا بەشێکی گرنگ بووە، دەسەڵاتی کۆمەڵگا لەوپەڕی لوتکەو هێزی تاکیش چەپێنراوو کپە، سیستمێك کە بەردەوام لەبەرامبەر ئامانجو ئاواتەکانی(خود)دا بێهەڵوێست بووەو هەستی بە بەرپرسیارییەتی نەکردووە، کەواتە ئێمە وەك کۆمەڵگای کوردیی بەشێکی گرنگی ئەم کێشانەین، یا راستتر مرۆڤی کورد بەرکەوتەیەکی بەرچاوی ئەم هێزە مۆنۆپۆلکەرەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، مەبەستمە لەم روانگەیەوە  هەم ئاماژەیەك بەدۆخی تاکی کورد بدەم هەمیش مەسەلەکە وەکو خۆی لە روانگەیەکی مرۆییەوە بوروژێنێ، ئەم حاڵەتە نەك هەر تەنها بابەتێکی سادەو ساکار نییە بگرە زۆر لەوە قوڵترە کە ئێمەی چاودێر هەست بە مەترسییەکانی بکەین، یەکێ لەو کێشە سەرەکییانەی مرۆڤی تاکڕەهەند لەخۆی دەگرێو باوەڕی پێیەتی فەرامۆشکردنی سەرجەم ئەو پێداویستیە غەریزییانەیە کە لەحەقیقەتدا لەخەیاڵدانی مرۆڤدا بۆ هەمیشە جیانابنەوە، هەڵبەتە هەڵسەنگاندنو دەرخستنی روخساری راستەقینەی کێشەکە لەباشترین حاڵەتیدا ئاماژەدانە بەو غەریزە تابۆکراوانەی کە راستەوخۆ بەشدارن لە بونیادنانی کەسێتی مرۆڤن دیارە کە بە ئەزموون سەلمێنراوە هەموو بەشخواردنو چەپاندنێکی غەریزەکانی مرۆڤ لەدوای خۆیدا مرۆڤێکی ئیفلیجو شێواوبەرهەمدێنێ ئەوانیش لەیەککاتدا کۆمەڵگایەکی شێواوو شەڕانگێز پێکدێنن، ئەم حەقیقەتانە سەرچاوەی سەرجەم کێشە ژیارییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆیین لەدەرەنجامی زیندوێتی ئیرهابی چەپاندنەوە هاتوونەتە ئاراوە، حەقی خۆمانە بپرسین بۆچی لەدەوروبەری خۆمانەوە ئیرادەیەك بۆ گۆڕان نابینین؟ ئەگەرنا چۆن بتوانین فەزایەك بۆ گۆڕان بخوڵقێنین؟ کەوایە دەتوانین لێرەوە درك بە ناسەقامگیریی دەروونی تاك بکەینو لەوێشەوە پەنجە بۆ ئەگەرەکانی لێکدانەوە رابکێشینو بەردەوامیش لەمە بپرسین ئاخۆ بەڕاست کەسێ لە ئێمە خەوی چارەسەرو هەوڵی دیراسەو لێکدانەوە لەم وڵاتەی خۆماندا دەبینێ؟ بۆچیو تاکەی سەرجەم کێشە بنەڕەتییەکانی(خود)ی کوردیی ببێتە قوربانی مەسەلە سیاسییەکانو هەوڵێکیش بۆ بایەخو گرنگیی بە تاك نەبینرێ؟ بێگومان کارکردن بۆ لە"خود" نزیکبوونەوە یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە چارەنوسی کۆمەڵگاکەمانی پێوە بەندەو هیوای هەموو ئەو کەسانەیە کە لەخەمی پێشکەوتنو کرانەوەو هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی ئاسودە دان، گەورەترین کۆسپ لەبەردەم فیکرە چەپێنراوەکاندا فراوان بوونو هاتنەئارای مەسەلەی هۆشیارییە، لەهەر پێگەو مەملەکەتێکدا ئاستی هۆشیارییەکان بەرزتر بووبێ سەرەنجام کۆمەڵێکی کەمتر چەپێنراو دروستبووە، وەك دەزانین کە چەمکی "چەپاندن" لە رووی ناساندنو پراکتیکبووندا هەڵگری دوو رەهەندی جیایە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی جیاوازەوە ناسێنراوە، ئەم دابەشبوونەی ناساندنە کە دوو ئاراستەی سەرەکیی کۆمەڵگای مرۆیی نوێنەرایەتی دەکەن ئەویش کۆمەڵگای هاوچەرخو نوێیە، لەیەکەمیاندا چەپاندن ئەو ئامرازەی دامرکانەیە کە سەرەنجام ئایندەیەکی ئایینیو تەقلیدیی لێدەکەوێتەوەو دواجار کەشوهەوایەکی دوور لە خودێتی مرۆڤەوە دێنێتەئاراوە، واتا حاڵەتێکی  گوێڕایەڵانە بەمرۆڤ دەبەخشێو ناچاری دەستبەرداربوونی بیرکردنەوە دەکرێ،بەڵام لە دووهەمین ئاراستەدا بەپێچەوانەوە هەوڵدەدات سەرجەم پەیوەندییەکانی دەرەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ خۆی ببەستێتەوە واتا مرۆڤ سێنتەر بێ بۆ کۆی ئامانجەکان، تەنها مەبەستی سەرەکیی سەرجەم لێکدانەوەکان بۆ مرۆڤو لە سەر مرۆڤ بێتو لەوێوە ئاراستە نوێکان بخرێنە بەر تیشکی روانینو بیرکردنەوە لە مرۆڤ، هەمیشە ئەو لێکدانەوانە هۆکاری بەهێزن بۆ وشیاریی تاك بەشێوەیەك کە دوور لە بوونی ئەم ئاگاییە نە دەکرێ راستو دروست لێکدانەوە ئەنجامبدرێ نەدەشتوانین بە دنیای دەرەوەی خۆمان بڵێین لەهەنگاونان بەرەو کرانەوەداین.

2007/4/27